# ڕۆڵی پیرەمێرد لەژیانەوەی جەژنی نەورۆزداو کورتە درامایەکی کۆمێدی بۆ نەورۆزی ٢٠١٦



**کامیل ژیر**

لەدێرزەمانەوە، نەورۆز واتایەکی پیرۆزی هەیە لەناو نەتەوەی کوردا. بیرمدێ کاتێ لەچلەکانی چەرخی بیستدا لەحوجرەەیەک ئەمخوێند، مامۆستا بۆڕۆژی 3/21ی هەمو ساڵێک، لەسەر قاپێکی فەخفوری بەقەڵەمی ئوچ، نەورۆزنامەیەکی بۆئەنوسینەوە. ئەو قاپەش لەماڵەکەماندا وەک شتێیەکی پیرۆز سەیرئەکراو هەتا مەرەکەبەکە ئەچوایەتەوە، هەر بەڕێزەوە سەیرئەکرا. پیرۆزییەکەش لەو باوەڕەوەبوە کە لەو رۆژی سەرەتای ساڵی کوردییەدا، گیانە پاکەکانی داپیران و باپیرانمان، بەسەرمان ئەکەنەوە، بۆیە ئەبێ بەپاک و خاوێنی و بەرگی رەنگاوڕەنگ و ئاگرکردنەوەو ئاهەنگەوە پێشوازییان لێبکەین و گەردنی یەکدیش ئازادکەین. بەوەش ئەوان شادمان ئەبن.



دوایئەوەی پیرەمێردی بلیمەت (1867-1950/6/19) لەتورکیا گەڕایەوەو بەهەمیشەیی لەسلێمانی جێگیربو، گرنگییەکی زۆری بەنەورۆزدا. هەمو ساڵێک لەو ڕۆژەدا چەندین مەنجەڵی گەورە یاپراخی لەکارێزی وەستا شەریف

لەدامێنی گردی مامە یارە، لەسلێمانی، ئەبەخشییەوە بەسەر سەیرانکەرانداو بەمۆزیکی دەهۆڵوزوڕناوە ئەبو بەهەڵپەڕکێ و شاییلۆغان. لەمەوە گەشەی زیاتری بەنەورۆزداو بەوبۆنەیەوە وتارو هۆنراوەی نەتەوەیی ئەخوێنرایەوە. ئاگری نەورۆز لە زۆر گەڕەک و بەرزاییەکانی سلێمانیدا ئەکرایەوە. بۆنەورۆزی 1945 میستەر ئەدمۆنس و متەسەرێفی سلێمانی و گەورە فەرمانبەرانی بانگهێشتکرد. قوتابیی کوڕان و کچانی ئامادەکرد بۆ وتنی سرودی نەتەوەیی. وتارو هۆنراوەی نەتەوەیی تیا خوێنرایەوە، فایەق بێکەس هۆنراوەی (بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم)ی بەدەم پەنجە راوەشاندن و هەڕەشەوە بۆ ئەدمۆنس خوێندەوە! ئەدمۆنسیش هەر پێئەکەنی! واڕێکەوت من لە پشت کورسییەکەی ئەدمۆنسەوە وەستابوم، بەکوردی وتی تۆ کوڕی کێیت؟ وتم فلان، نەیناسی، دوایی وتم برازای ئەلف بێ هەوری، وتی بەڵێ ئەیناسم، عەمر درێژبی. بەوجۆرە، پیرەمێرد هەمو ساڵێک گەشەی زیاتری بەنەورۆز ئەدا تا ساڵی 1958 ،لەو ساڵەدا، حیزب دەستیگرت بەسەر بۆنەی نەورۆزداو بڕوخێ بڕوخێ دەستیپێکرد، حکومەتیش ئاهەنگگێڕان و ئاگری نەورۆزی قەدەغەکرد. لەکاردانەوەی ئەوەدا، پیرەمێرد وتی: *حیزبی حیزباب نەورۆزیشیان لێکردین بەسیاسەت.*



/

جگە لەو هەولانە، پیرەمێرد لەڕۆژنامەکەشیدا گرنگیی بەژیانەوەی نەورۆز ئەدا وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی. هۆنراوە بەناوبانگەکەشی (ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە) ئەوەندەیتر جۆش و خرۆشی لەدەرونی لاواندا جێگیر کرد، بەتایبەتی بەئاوازو دەنگە زۆر خۆشەکەی دیلانی هونەرمەندو هۆنیارەوە :

ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە

جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

چەن ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێپەستبو تاکو پار

هەر خوێنی لاوەکانبو گوڵی ئاڵی نەوبەهار

ئەو رەنگە سورەبو کە لەئاسۆی بڵندی کورد

مژدەی بەیانی بۆگەلی دورو نزیک ئەبرد

نەورۆزبو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە

لاوان بەئەشق ئەچون بەبەرەوپیری مەرگەوە

ئەوا رۆژ هەلات لەبەندەنی بەرزی ولاتەوە

خوێنی شەهیدە رەنگی شەفەق شەوقئەداتەوە

تائێستا روینەداوە لەتەئریخی میللەتا

قەڵغانی گوللە سنگی کچانبێ لەهەڵمەتا

پێیناوێ بۆشەهیدی وەتەن شیوەن و گرین

نامرن ئەوانە وا لەدڵی میللەتا ئەژین

لەبۆنەیەکیتردا، پیرەمێردو شێخ مەحمودو ئەدمۆنس و پیاوماقولانی شار کۆ ئەبنەوەو ئەدمۆنس ماڵئاوایی لەسلێمانی ئەکا:



**بۆ ژیانەوەو گەشەدان بەجەژنی نەتەوەیی کورد، جەژنی نەورۆز، پێش پیرەمێرد،مێژونوسان و نوسەران و هۆنیاران (شاعیران)یتر، نوسین و هۆنراوەی زۆریان بۆ نەورۆز وتوە. خانی و نالی و مەولەوی و کۆیی و وەفایی و حەریق و حەمدی و قانیع و زۆریتر لەو دەرگایەیان داوە، بەڵام هیچیان وەک پیرەمێرد برەویان بە نەورۆز نەداوە .**
**خەڵکەکەش، هەرچەن نەورۆزیان لێقەدەغە کرابو، بەڵام لەئێوارەکانی 3/20ی ساڵەکانی دوای 1958دا، ئاگری نەورۆزیان لەسەر چیاکان و سەربانی ماڵەکان و گۆڕەپانەکان، هەر ئەکردەوە. لەو پێناوەشدا خەڵکێکی زۆر ئەگیران و زیندانی ئەکران و ئەشکەنجە ئەدران. بەوەش خۆشەویستیی نەورۆز، زیاتر لەدڵ و دەرونی میللەتا ئەچەسپی. ئێستا نەورۆز بەفەرمی جەژنێکی نەتەوەیی کوردە. بەوەش ئاواتەکەی پیرەمێردی نەمر هاتۆتەدی، بەڵام هەموی نا! چونکە پیرەمێرد، نەوبەهارێکی ئەویست کە پڕبێ لەگوڵی ئاڵی پاک، نەک نەوبەهارێکی پڕ دڕکوداڵ و گەندەڵی!! ئەوەو گیانی ئەو نەمرە، پاڵیان بەمنەوەنا، هەر چەن ساڵێ جارێک، شانۆنامە (دراما)یەک بۆ نەورۆز بنووسم لەژێرناوی (کەربازاڕێک بۆنەورۆز) . یەکەم 2006، دوەم 2012. ئەمەش بۆنەورۆزی 2016 :**

**بەبۆنەی یەکەم رۆژی جەژنی نەورۆزەوە، لەتەویلەیەکی گەورەی داخراودا، کەربازاڕێکی هەموارکراو، بۆ ۳ کەری هەمەرەنگ سازکرا. ،ئەگەرچی پێشەکی :( گیان )ی هەندێ کەسایەتیی کۆچکردوی مرۆڤی ناسراو بانگهێشت کرابوون، بەڵام هاتن بۆ هەموانبو، بۆیە تەویلەکە جمەیدەهات. سەرەتا کەرەکان بۆ ماوەیەک زەڕین و خۆیان گەوزاند بۆ ئەوەی بەقورگێکی ساف و مێشکێکی کراوەو تەندروستییەکی چاکەوە، بچنە پشتی**

میکرۆفۆنەکانەوە . دەنگدەربڕین (phonotic)ی قسەکردنیشیان،وەک ئاژەڵی ناو فلیمە کارتۆنییەکانبو.
ئامادەبوانی تەویلەکەش، وردەوردە، هەر کۆمەڵەو بونە چەپڵەکوت و لایەنگری یەکێک لە کەرەکان.

سەرەتا، پێشکەشکەری کەربازارەکە، وەسمانی هەمە نادر- سەرۆکی پارتی کەران، دوای بەخێرهاتن، ئەوەی درکان کە پرژی کێشەکانی کورد و ئەو مەترسییانەی رودەکەنە کوردستان، ئاژەڵ و باڵندەکانیش ئەگرێتەوە، وەک لە بۆردومان و کیمیابارانەکاندا بینیمان، بۆیە ماف و ئەرکی سەرشانی ئەوانیشە بێنە دەنگ و لە روی مێژویی و سیاسیشەوە باری سەرنجی خۆیان پیشاندەن و بەرگری لە خۆیان بکەن و داوای مافی خۆیان بکەن ، بەتایبەتی لە کابینەو پەرلەمانی داهاتودا ئەوانیش نوێنەرو کورسی و بەشە بوجەی خۆیان هەبێ و لرفیلێدەن ! ئەگینا ئەبنە ئۆپۆزسیۆنی ئەوەڵباب !!

تەویلەکە پڕبو لە ژاوەژاو، یەکیک لە دانیشتوەکان ،هەستایە سەرپێ و بە تورەییەوە وتی : کەر چۆن ئەتوانێ ببێتە ئەندامی کابینەو پەرلەمان !؟ بوجەیان بۆچیە!؟دەنگێکیتر وەڵامیدایەوە: بۆ ناتوانێ؟ ئەگەر ئەو ئەندامیتیە لە پەرلەماندا بریتیبێ لەوەی تەنیا دەست بەرزکاتەوە ، یا لە کابینەدا تەنیا فەرمانی پارتەکەی خۆی جیبەجێبکا ، ئەوە کەریش ئەتوانێ ئەوە بکا .بوجەش کە بەکاڵی و سەوزی لرفی لیبدرێ، بائەمانیش ئەوەندەی بارستایی خۆیان لەسەری بلەوەڕێن . ئنجا وەسمان وتی: رونکردنەوەی لاپەڕە لێڵ و تاریکەکانی مێژو، یاریدەدەرێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەمڕۆ. بابەتی کەربازارەکەی ئەمڕۆشمان، لێدوانێکی مێژویی بابەتیانەیە لە سەرگروشتەکەی کاوەی ئاسنگەرو ستەمکارێک. فەرمون ئیوەو کەرەکان:

**<u>کەری دێز</u>** : ئەژدەهاک سەرکردەیەکی کوردبو. کاوەش لە خۆمان بو، واتا جاشبو، بۆیە وەک سروشتێکی دێزگەرایی، چەکوشەکەی سرەواندە کەڵلەی ئەژدەهاک (ئاشتیاک) کەدواپاشای مادبو و کوشتی و دواییش دەسەڵاتی دایە دەست فەرەیدون کە بێگانەیەکبو، یا بەواتایەکیتر، کارەکەی کاوە، بەخزمەتی بێگانە گەڕایەوە.
وەڵام لەدانیشتویەکەوە: تۆدرۆنەکەی، ئەم قسانە لەورگی خۆت دەرئەهێنی .کەی وایە ؟ بەڵگەت چیە؟

کەری دێز: من پیاوی درۆنیم و بەبێ بەڵگەش قسە ناکەم:

بەڵگەی یەکەمم: جاشایەتی و دێزایەتی و ناپاکییە زۆرو زەبەندەکانی ناو لاپەڕە رەشەکانی مێژوی کوردستانە لە رابردودا ، وەک ناپاکیەکەی سۆفی عەبدولا کە بۆسەیەکی بۆشیخ عەبدولسەلام داناو رادەستی تورکەکانیکرد لەکاتیکدا کە ئەو سەرکردە داد‌پەروەرە لە هەوڵی کوردستانیکی سەربەخۆدابو. وەک ئیبنولدینار کە لەژێرەوە لەگەڵ سولتانی عوسمانی ر یکەوت و دەرگای قەڵای ئامەدی کردەوە بۆ لەشکری تورکی دژ بەکورد. وەک مەلای خەتێ کە فەتوای تەلاقکەوتنی دەرکرد بۆ هەرکەسێ گوللە بەلەشکری موسولمانی تورکەوە بنێ و بەوە کۆتایی بە میرنشینی رەواندز هێنا . وەک ئدریسی بەتلیسی کە میرنشینیە کوردیەکانی کردە پاشکۆی دەولەتی عوسمانی .
وەک یەزدان شیر کە بوە هۆی ئەوەی تورکەکان بتوانن پشت لە هێزەکانی بەدرخان بگرن . وەک ئەو هەمو جاش و

موستەشارانە کە مشتیکن لەخەرواریّ . ئیّستاش ئەو دیّزایەتی و جاشایەتییە، لە بەرگیّکی تازەی جلخواریی نویّدا، دریّژەی هەیە.بۆنمونە: دو سالّیک لەمەوبەر، ژمارەیەک لەئیوەی مرۆڤ ،وەک شاخیّک چۆن ژانئەیگریّ و مشکیکی ئەبیّ ،بەوجۆرە ژانگرتنی و بەیانیکی عیراکچیانەیان لیّبەربوە خواریّ! کە ئەتوانم بلیّم ئەو بەیانە جەختکردنەوەیە لەسەر هەمان فەلسەفەی (دەولەوتی کوردی خەونی شاعیرانە ) ! باشە ئەگەر خەونی شاعیرانە ،بۆچی خاوەنی ئەو فەلسەفەیەو ئەم شاگردە تازانەی، سالانیکی زۆرو لەپیناوی دروشمی (یا کوردستان یا نەمان )دا هەزارانیکیان لە ئیوەو لە ئیمەش بەکوشتدا !؟ هەروەها ئەو نیوە رۆشنبیرە تاریکبینانە کە ئەوە باری سەرنجیانە، بۆچی خۆیان بەتەواوی یەکلایی ناکەنەوەو وەک (بەیانە عەرەبی )ە کەیان، یەکی عەگالیکی عەرەبیش لەسەرناکەن !؟

بەڵگەی دوەم: ئەگەر دیّزنەبوبیّ، بۆچی دوای کوشتنی ئەژدەهاک و روخاندنی رژیّمەکەی، کاوە خۆی دەسەلاتی نەگرتە دەست و دەسەلاتی بەکەسیّک سپارد، کە ئەگەر ئەو کەسە بیگانەیەکیش نەبوبیّ، بەپیّی هەندیّ سەرچاوە، ئەوا کەسیّک بوە هیچ ئارەقیّکی لەراپەرینەکەی کاوەدا نەرشتوە!؟.

بەڵگەی سیّیەم: کوا، کەی کورد ئەوەندە زیرەکبوە، جاریّک لە جاران، بە دریّژایی میّژو،سەرکردەیەکی بیّگانەی قڕکەری کوردی کوشتبیّ!؟ یاپایتەختیکیانی هەڵتەکاندبیّ ؟ (مەگەر تەقینەوە جەوامیّریەکانی ئەمدواییە) ئیّوە وامەزانن ئیمە هەر لەبەر ئەوەی ناومان بەکەرئەبەن، خۆشمان کەرین! نەخیّر. ئیّمە تا ئیّستا زمانمان نەبوە قسەی پیّبکەین تا ئەوەی لە ناخماندایە دەرببرین . بەلاّم ئیّستا بە هۆی کارە سەرسوڕهیّنەرەکانی کومپیوتەرەوە، ئەتوانین گوزارە لە ناخی خۆمان بکەین( چەپلّەیەکی بۆ لیّدرا). ئیوەی مرۆڤ ئەچن نوکتە لەسەر ئیمەی گویّدریّژ دروستئەکەن و ئەلیّن : (لەباخچەی ئاژەلان ریوی نوکتەیەک ئەلیّ، گوایە کەر دوای هەفتەیەک پیّئەکەنیّ !)واتا ئیمە دوای هەفتەیەک لە شت ئەگەین! ئەیباشە ئەو زۆر رۆشنبیرە پیشکەوتنخوازە عیراکچیە چەپڕەوانە، بۆچی دوای ٩٦سال هیشتا لەوە نەگەیشتون کە ئەو ئیراکەی ئەوان ئیراکچیتیی بۆ ئەکەن، دەسکردی ئەوئیمپریالیزمی ئنگلیزەیە کە لە ١٩١٧وە چەپی دنیا جویّنی پیئەدا !؟ ئیستە منیش ناهەقمە بلیّم ئیّوە وەک ئەوەی نانی کونە ماسی ئەخواو پاسی جرتاوا ئەکا، نانی کوردستان ئەخۆن و پاسی ئیراک ئەکەن !؟ ئیتر بۆچی هەر بە ئیمە ئەلین کەرە دیّزە !؟ ئاخر ئەو قەڵەمەوەشیّنانە چ خیروخۆشییەکیان لەو ئیراکە دیوە کە ٩٦سالە کوردستانی کردۆتە گۆمی خویّناو سەرباری تالانکردنی سامانی سەرزەوی و ژیّرزەویمان!؟ ئەوە ئەگەر ئیمە شتیّکیوامان بکردایە، نەتانئەوت چەن کەرن!؟یائەگەر ئیمە بۆ ریکخستنی ناومالّی خۆمان ناکۆک و بۆریکخستنی ناومالی بیّگانە کۆک بوینایە ، پیّتان نەئەوتین کەر وانەبیّ بۆچی چاکە !؟(چەپلەیەکی بۆلیدرا و قاقای پیکەنین تەویلەکەی پڕکرد).

**کەری رەش**: بە باوەری من، داستانی کاوە، سەرگروشتەیەکی دروستکراوو چیرۆکیّکی خەیالّییە. کەسیّک، بەوە ویستۆیتی شانازی (مجد) یّکی درۆ بۆ کورد هەڵبەستیّت. ئاخر کابرایەکی ئاسنگەر، تەنیا بە درەفشیّکی کاویان و چەکوشیّکەوە، چۆن ئەتوانیّ سەرکردەی ولاّتیّک بکوژیّ !؟.

ئەورەحمانی خامەی ئاسنگەرباشی سلێمانی، خۆی بۆ نەگیرا، هەستایە سەرپێ و نەڕانی: ئێمەی ئاسنگەر بە بازوی پتەومان، ئاسن و پۆلا ئەچەمێنینەوە! پڕاندنی مێشکی ئەژدەهاکێک، ئەبێ چیبێ لە ئاستی چەکوشە زەبر وەشێنەکانمان!؟ ئێمە و کاوەی ئاسنگەری باپیرمان، نەجاشایەتیمانکردوە، نە پیاوی درۆو چیرۆکی خەیاڵیبوین .. ئا ڕێگەمبدەن با دەم ولمۆزی ئەو کەرانە بشکێنم و مێشکیان بپژێنم( چەپڵەیەکی بۆ لێدرا)و دەستیانگرت و دایانمرکاندەوە.

یەکیک هەستاو هاواریکرد : بژی هیزی بازوی پتەوی جەماوەر ، با.. بژی ..با.. بژی .

کەری دێز و کەری ڕەش، بە گوێچکەکانیان هەندێک ئیمێلیان بەیەکتردا. کەری دێز دەستیکرد بە زەڕین. کەری ڕەشیش بۆ ترساندنی هێرشێک نەبا بکرێتە سەریان، لەسەر شانۆکەوە دەستیکرد بەجوتەوەشاندن. کەربازارەکە شێوا . خەڵکەکە بون بە ناوبژیکەرو دوای هەولیکی زۆر، هەردو لایەنیان هێورکردەوە و کەربازاڕەکە چووەوە دۆخی ئاسایی خۆی و کەری ڕەش دریژەی بە وتارەکەیدا : - من نازانم ئەم خاڵەیە بۆچی بەوجۆرە ویستی هیرشمان بکاتە سەر؟ سوپاس بۆ ئیوە کە نەتانهیشت سەری ئیمەش بکا بە سەری ئەژدەهاک . یا ئێمەش بە مەرەی ئەو گەنجانە بچین کە لەسەر بیروباوەڕیان ناکاوکوژ کران و ئەکرێن !! مەگەر ئیمە مافی دەربڕنی بیروڕای خۆمانیە !؟ ئەی ئەگەر وایە، ئەو لافی( دیموکراتی )ە چیە ئێوەی مرۆڤ هەمیشە خۆتانی پێوەبائەدەن!؟ ئاخر ئێمە کەم خزمەتمانکردون ، بۆچی لەپاداشتدا پێمانئەلێن کەر!؟ ئیمە ناومان گوێدرێژە، تکایە ئیتر ئێوەی گوێ کورت پێمانمەڵێن کەر!! سوپاس بۆ کۆمپانیاکانی ڕۆژئاوا کە لۆریی تانکەرهەڵگری گواستنەوەی نەوتیان دروستکردوە ،ئەگینا ئیستا هەرچی نەوتی قاچاغ هەیە بەکۆلی ئێمە ئاودیو ئەکرا وەک چۆن لەکاتی ڕاپەریندا ئەو هەمو تالانیانەتان بەکۆڵی ئیمە ئاودیوکرد !!(چەپڵەیەکی بۆلیدرا).

**<u>کەری سپی</u>**: رای من سەبارەت داستانەکەی کاوە، پێچەوانەی قسەکان و بەڵگەکانی کەری دێز و کەری ڕەشە. بەراوردکردنی کەسێک بە کەسانێکیکە، نابێ بەبەڵگەی یاسایی بەسەر ئەو کەسەوە. ڕاستە ناپاکی و دێزایەتی و جاشایەتی لەناو کوردو نەتەوەکانیتریش بوە، بەڵام لاپەڕە سپییەکانی مێژوی کورد، پڕن لە داستانی قارەمانێتی و نیشتمانپەروەری و کوردایەتی. ئێمەش لە شۆڕشەکاندا بەشداریمانکردوە و ئاوەڵ و بارهەڵگری پێشمەرگە بوین و هەزاران شەهیدمانداوە. کاوە، سەرکردەیەکی ستەمکاری کوشتوە کورد بوبێ یا بیگانە،. ڕووداوەکەش ئەوەندە دێرینییە، بەبەڵگەی ئەوەی باس لەوە دەکات کە کاوە ئاسنگەربوە. واتا ڕوداوەکە لەسەردەمی پیشەسازیدابوە. ئەو سەردەمەش زۆر کۆننیە. ناگاتە سەردەمی ئاشتیاک. بەپێی هەندێ سەرچاوە، پێش ئاشتیاک و پێش زایینیش بە 4700 ساڵ، نەورۆز هەر جەژنبوە. منیش پشتگیریی قسەکانی خاڵە ئەورەحمان ئەکەم. کورد تا ئێستا نەیزانیوە شانازیی درۆ بۆ خۆی هەڵبەستێ، بەپێچەوانەی دراوسێکانییەوە کە چەندین شانازیی درۆیان بۆ خۆیان خنیوەتە مێژوە خەیاڵییەکانیانەوە.کورد ئەگەر ئەو درۆزنیەی بزانیایە، هەڵبەت چەند شانازییەکیکەی درۆی بۆخۆی ئەهۆنیەوە. نەک هەرئەوە،بەلکو کورد هەر نەیزانیوە، یا بواری نەدراوەتێ، مێژوە ڕاستییەکەی خۆیشی بنوسێتەوە. بە زۆری گەشتیارە بێگانەکان بەئارەزوی خۆیان مێژوی کوردیان نوسیوەتەوە.هیچ بێگانەیەکیش ئەو

خێرە بە کورد ناکا کە شانازیی درۆی بۆ هەڵبەستێ.بەپێچەوانەوە نووسەریکی وەک(کارڵ مای ) بەبیئەوەی کوردو کوردستانی دیبێ ، کوردی وەک دڕندەو پیاوخۆر بەجیهان ناساندوە! مێژونوسە ئەرەبەکان، بەتایبەتی مەسعودی، وتویانە (کورد نەوەی جنۆکەیە)..ئەوەی کاوە سەری پانکردەوە ، بێگانەیەک بوبێ نەیار ، یا کوردێکی کوردکوژەی ستەمکار، لەهەردو بارەکەدا، سێ خاڵی هاوبەش بۆ جەوامێری و لەخۆبوردویی و هۆشیاریی کاوە هەیە:

یەکەم: راپەڕیوێکبوە.
دوەم: ستەمکارێکی کوشتوە.
سییەم: خۆی دەسەڵاتی نەگرتە دەست، کە بایەخی ئەم خاڵەیان، لە دو خاڵەکەیکە کەمترنیە.

بابزانین چۆن: کاوە ئەیتوانی دەسەڵات بگرێتە دەست. بەڵام لەو سەردەمی نەزانینەدا، ئەو ئەوەی ئەزانی کە لە هونەری بەڕێوەبردنی دەسەڵات نازانێ. بۆیە دەسەڵاتی دایە دەست لێزان. ئەگەر کاوە ئەو هەڵەیەی بکردایەو خۆی دەسەڵاتی بگرتایەتە دەست و لێزانەکانی پەراوێزکردایە، ئەوا کوردستانی ئەوساش وەک ئیستا ئەبوو بە گەندەڵستان!(چەپلەیک) بەوەش کارەکەی کاوە لەکاری ئەو زیندانیە کوردانە ئەچو کە لە ٢٠٠٣/٤/٩دا بەشداربون لە روخاندنی زیندانە گەورەکەی ئیراقدا، کەچی لەماوەی ٢٥سالی ئازادیدا، لەلایەک کەوتنە شەرو کوشتنی یەکدی، لەلایەکی تریشەوە کەوتنە گرتنی دامێنی پاسەوانانی زیندانەکە، بۆ دروستکردنەوەی زیندانێکیکەی لەو جۆرەو دوایی بەپێی خۆیان چونەوە ناوی و ئەگەر کار وابڕواو هەرچی زوترە سەربەخۆیی کوردستان رانەگەینن ، ئەوا رۆژێک دێ وەک مەڕی قوربانی، یەکلەدوای یەک چاوەڕوان، بۆ چەقۆی قەساب! بەخۆشیاندەڵێن سیاسەتکار و لێزانی نایاب! (قاقای پێکەنین و چەپڵە، تەویلەکەی پڕکرد).

مچکۆی هەولێریی قسەخۆش، هەستایە سەرپێ و وتی: لۆ پێدەکەنن؟ ئەدی کەر لۆ بارنەبێ، لۆ غار دەبێ!؟
(کەرەکان هەڵسڵەمینەوەو بە قسەکە گرژبون و دەستیانکرد بەپڕمەپڕم و چاوسورکردنەوە لە مچکۆ !)

وتەگۆی کەربازاڕەکە، وتی: بەڕێزان: ئێستا کاتی وچانێکە بۆ ماوەی پازدەخولەک.. (لەو ماوەیەدا، ئالیکێکی چاک، خرایە سەرخوان و ماشێنرایەوە !)... ئنجا وتەگۆ وتی: بەشی دوەمی کەربازاڕەکەمان، بەچەند هۆنراوەیەک، ئەڕازێنینەوە. سەرەتا هاوسۆزی خۆمان لەگەڵ کەری بێ ماف و ستەملێکراو، بەم هۆنراوەیە پیشانئەدەین:

لەوکاتەوە ئاسۆی ژیان، داویە مژدەی رۆژ و شەفەق
دو هێز لەجەنگ و زۆراندان، هێزی هەق و هێزی ناهەق
بەرئەنجامی ئەم راستییە، پەندێکە باباش تێبیگەین
هەق مافێکە بەدەسنایەت، بەزۆر نەبێ و بەنووکی شەق
هەقی بێ شەق، تاوانێکە، سەری لەپێناودا ئەچێ
یا هیچ نەبێ لەلای هەندێ، هەق تاڵیەو هەق قسەی رەق

کۆشکێکی بەرزیان دروستکرد بەکۆڵی کەری بەسەزمان
تەواوبو، پاداشتی چاکە، درا بەشێرێکی چاوزەق
لەدەروازەی ئەو کۆشکەدا، پەیکەری شێرێکیان دانا!
وەک شەهیدێ، فەیلەسوفێ، دانایەکی قسەنەستەق!



کەری سەرشۆڕی سەلامەت،لەم پەندی رەنجوئەنجامە
گۆییئەلەقان،خۆیئەگەوزان،زەڕەی گریان،چاوی ئەبڵەق
نەکەسێ بو، نەدەزگایەک، نەکۆمەڵێ، نەیاسایەک

نەزەمیرێ، خاوەن بیرێ، دادی پرسێ بۆ رەوای هەق
چەپلەیەک بۆ هۆنراوکە . کەرەکانیش، خوڕخوڕ فرمێسک بەچاویاندا هاتەخوارێ.



شێخ ڕەزای هۆنیاری ڕەوانبێژی کەرکوکی هەڵیدایە و وتی:

مادام کوڕەکە بو بەحەیشی نێرەکـــەر
منیش مەترەقم بە بنکی ژێری کەمەر:
ئەوەی دارگوێز و خورما ئەکاتە ئـــاوەڵ
گوێز داری پتەوە، خورما داری گەنـدەڵ
ئەولادی ئەم عەسرەی بە ئیراک شانازن
حاشا نەوەی کەرنین،ئەوانە پـــــوازن
دەست و پینوسەکانیان ژەهر ئەڕێژن
کوردن و ئەچن کوردایەتی ئەنێژن !!
(چەپلەیەک)بۆ شیخ ڕەزا .



Şêx Rezay Talebanî (1831-1910)

**بەهدورِی راڤینیی بادینانی قسەخۆش وتی: ئەز دەبێژم گوێدرێژ گەلەک هێژایە. مەخابن بەخائینان دەبێژن جەحشەکەر !.**

**کەرەکان سەیرێکی یەکیانکردو سەری رەزامەندیان بۆ هۆنراوەکەو قسەکان لەقاندو بەگوێچکەکانیان چەپڵەیەکیان بۆ شێخ رەزاو بەهدورِ لێدا.**

**پیرەمێردی هۆنیاری گەورەی سلیمانی، هەستایە سەرپێ و لەبارەی پلەدارە کوردەکانەوە لە بەغدادی دوای** 2003 **، وتی :**

**ئەوانە دیسان وەفدێکی کوردســـــتانن**
**لێرە دژیەک و لەوێ ناوبژیـــــــوانن**
**ئەوانەی چوون، نەگەڕێنەوە، ئەمـــجارە**
**چارەنوسیان وەک پاداشتەکەی سنـمارە**
**خویەکی خراپە، توشیبون بە شیری**
**ئێستاکە ناتوانن تەرکیدەن بە پـیری!؟**
**لێیانگەڕێن ئەوانە دەستیان لێبشـــۆن**
**بانەوەی نوێ خەمی ئەم دەڤەرە بخۆن.**



**چەپڵە رێزان، بو بەشاییلۆغان. هەڵپەرکێی رەشبەڵەکی مرۆڤ و کەر دەستیپێکرد. ئنجا سرودی ( ئەمرۆژی سالّی تازەیە) بەدەنگی هەمو ئامادەبوانی تەویلەکەو کەرەکان، جۆش و خرۆشێکی زیاتریدا بەکەربازارەکە:**

**ئەمرۆژی سالّی تازەیە، ئیراکە، هاتــــــــەوە**
**کۆستێکی کۆنی کوردە، چرۆچاوی خواتـــــەوە**
**چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێپەستبو تاکو پار**
**ئەمساڵ پشیلەمان لە هەڵۆ کرد بە گورگی هـــار**

**ئەو رەنگە سورەبو کەلە ئاسۆی بڵندی کــورد**
**لاوانی، دژ بە گەندەڵیی، بۆ لای مەرگ ئەبـــــرد**
**ئیراکبو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگـــــەوە**
**ئەنفال بەئەشق ئەچو بە بەرەوپیری مەرگــەوە**
**وا رۆژهەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتـــــەوە**
**کابرا خەریکە تازە بە شومان بداتـــــەوە**
**تا ئێستە رووی نەداوە لە مێژوی کەراوکـــەرا**
**باوان شەهید بەخوێنرژە بێژی پەناوبـــــرا**
**پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گریـــن**
**وا ئێمە ئێستە لەجێی ئەوانیش پڕاوپڕیـــن.**
**بەو جۆرەو بە پێکەنین و زەڕین و چەپڵەرێزان، کەربازارەکە، نزیک بەکۆتایی هات.**

**وەسمانی هەمە نادر: بەڕێزان، بەداخەوە نەورۆزی ئەمساڵمان لەبارودۆخێکی قەیراناویی دارایی و سیاسیی خراپدا ئەکەین. بەباوەڕی من، هۆکاری ئەو قەیرانانە ئەگەڕێتەوە بۆ بونی بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی بەهەمو جۆرەکانییەوە!! ئاخر نەتەوەیەکی دیل و ژێردەستەی وەک ئێمە، ئەم هەمو حیزب و کۆمپانیای حیزب و بارەگاو تەلەفیزیۆن و رادیۆو رۆژنامەو چیوچییەیان بۆچیە کەئەوە 25 ساڵە سامانی نەتەوە تاڵان ئەکەن و پولێکیان لەبنی دەغیلەکەدا نەهێشتۆتەوە بۆ رۆژێکی رەشی وەک ئەمڕۆ، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی مەلاکانیش لە پێناوی گوایە خواداو راستییەکەی بۆ هەریسەکە، خۆیان فرێدایە زەلکاوی حیزبایەتییەوە!! ئاخر خوا حیزبی بۆچیە!؟ لەبەرئەوە من لەم سەکۆیەوە رایئەگەیەنم : حیزبەکەم (پارتی کەران) هەڵئەوەشێنمەوەو واز لەحیزبایەتی ئەهێنم و کاروباری تەویلەکان ئەدەمە دەس ژمارەیەک گوێدرێژی تەکنۆکرات.**

**کەری دێز: نەخێر ئێمە وازناهێنین و تەکەتولێکی جیاواز بۆخۆمان دروستئەکەین و بەشە بوجەو بەشە تاڵانیی خۆمان هەرئەوێ! خوایئەکرد هەمو وڵاتمان بەخۆمانەوە ئەسوتان!! ئەوەش نەبێ، ئەبین بە ئۆپۆزسیۆن، ئەی دێز مانایچی!؟**

**کەری رەش: وڵات بەبێ حیزب چۆن ئەبرێبەڕێوە!؟**

**کەری سپی: وڵات بەیەک سەرکردەی کەڵەمرۆڤ (کارێزما)ی نیشتمانیی پاک و یەک لەشکری فەرمیی پێشمەرگەو چەن کەسێکی پیشەگەر (تەکنۆکرات) وەک گوڵ ئەبرێ بەڕێوە. ئاخ بۆ ئەتا کوردێک!**

**بۆ وەرگرتنی رای ئامادەبوان، راپرسییەک کرا. ئەنجام بەمجۆرەبو :**

**لایەنگرانی کەری دێز:** 1%

**لایەنگرانی کەری ڕەش:** 9%

**لایەنگرانی کەری سپی:** 90%

**منیش هاتمەوەو هیچیان نەدامێ.**